کوژاندنەوەی مۆمی یەکەمین ساڵیادی دامەزاردنی پارتی سەربەستی کوردستان، هەزارەها خۆزگە و ئاوات لە دڵی کوردستان و کورداندا دەڕوێنێ.....پیرۆز بێت.....




بەبۆنەی خامۆش کردنی یەکەمین مۆمی ساڵیادی پارتی سەربەستی کوردستانەوە من بە ناوی خۆم و دایە کوردستانیشەوە جوانترین و ناسك ترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی خۆم و گەلەکەمان و سەرجەم ئەندامان و دۆستانی ئەم پارتە خۆشەویستەو بەڕێز کاك عارف باوەجانی سکرتێکری ئەم پارتە ئەکەم، من دەڵێم لەگەڵ فو کردن لە گڕی ئەم مۆمە هەزاران خۆزگە لە دایك ئەبن، کرماشان چاوەڕوانە کەلەپچەی دوژمنی بشکێندرێت و مهاباد خۆزگە ئەخوازێ هیواکەی قازی محەمەد بێنێتە دی.....، جوانرۆ ئەیەوێ بە ئازادی گۆرانی بچڕێ و سنەش بە ئاواتە کوردستانی دایکی لە ناو جەرگیا فەرشی لە گوڵ بۆ ڕابخرێت.... لەولاشەوە هەڵەبجە ئەیەوێت بە دەستی خۆی

فرمێسکەکانی هەولێر بسڕێ و هەورامانیش ئەخوازێ ساتێ دیاربەکر لە باوەش بگرێ،.... دهۆك ئەیەوێ بە باڵی پەپولەکان بۆ قامیشلۆی ئەڤین بفڕێ....بەڵێ لەگەڵ کوژاندنەوەی ئەم مۆمەدا لە ناو دڵی گشت لاوێکی کوردستاندا نەمامی هیوایەك دەڕوێ.

بۆیە دەڵێم هیواخوازم ئەم پارتە لە ڕێبازە پیرۆزەکەی بەردەوام بێت و بتوانێ بە پاکانە بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی خەبات بکات و هیواخوازم زاڵ بێت بەسەر گشت کۆسپ و تەگەرەکانی ڕۆژگار و گشت ئازار ئەشکەنجەکانی ژێردەستی دوژمن.

هەزاران جاری تریش دەڵێم پیرۆز بێت و بەو هیوایەی ڕۆژێ لە ڕۆژان نەوەکانی داهاتومان یادی دامەزراندنی ئەم پارتە بکەنەوەو ساڵەهای ساڵ تەمەنی بێت.

کانی هەڵەبجەیی

هۆڵندا

Kani_awin@hotmail.com